*خانەقای میرزا * ”١“ پشوویەکی ئەخەی.. بەشی دووەم .. سەردار ڕەزا جاف

ب – دەمودوو” الحوار “

دەمودوو یەکێکە لەو هۆکارانەی کە لە نێوان کارەکتەرەکانی ڕۆمان دەخوڵقێت، بە یەکێک لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی پێکهاتەی ڕۆمان دادەنرێت، هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی پێگەیەکی سەرەکی لە یەکلاکردنەوەی تەواوی ڕۆمانەکە هەیە، نووسەر گەرەکە بایەخێکی زۆر گرینگ بەم لایەنە بدات، چونکە پێویستە تەواوی دەمودووەکانی نێوان کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە بە شێوەزاری ئاخاوتنی ئەو دەڤەرە یان ئەو شارە بێت، ئەمە کۆمەڵێک خاسییەتی هەیە کە لە سەروو هەموویانەوە توانای نووسەر دەردەخات لە کارامەیی و ئاشنایەتی بە شێوەزاری ئەو دەڤەرە. ((هەندێک پێکهاتە و شێوازی ئاخاوتن بەکاردەهێنرێن بۆ ئەوەی تۆنێکی ناوخۆیی بە دەقەکە بدات، بەبێ ئەوەی دەستبەرداری زمانی نووسین ببێت، ئەم خۆهەڵقورتاندنەی نێوان شێوەزار و نووسینی گشتیدا. دەبێتە مایەی پێکهێنانی زمانی سێیەم دەشێ بە ئاوێتەبوونێکی داهێنەرانە دابنرێت، بەجۆرێک کە زمانە ستاندارتەکە وەک چوارچێوەیەکی بونیادی ڕۆمانەکە بمێنێتەوە، کەچی شێوازارەکە لە پێناو ڕەنگاڵەییکردنی دیمەنەکە دزە دەکات، ڕەهەندێکی ویژدانی دەداتێ، بەم جۆرە، شێوەزارەکە بە تەنیا نابێتە فاکتەر بۆ پەیوەندی نێوان کەسایەتییەکان، وەلی بە ئامرازی پێکهاتەیی ناو دەقی ڕۆمانەکە دەگۆڕدرێت.))”٣”، لێرەدا پێمان دەوترێت کە جگە لە توانای خودی نووسەرەکە ڕەنگاڵەیی و ئێستاتیکا بە خودی دەقەکەیش دەبەخشێت، بەمەرجێ ئەم حاڵەتە کاریگەری بە سەر دەقەکەوە نەبێت.

هەڵوەستەیەک دەکەین و دێینەوە سەر لایەنی ڕێنووس کە بەڕێز ” میران ” جۆرێک لە ئاوێتەبوونی دروستکردووە کە بە دیدی ئێمە نەدەبووایە وابێت، لە کردارەکاندا کۆمەڵێکی لە دەمودووەکان بە ” ئە ” دەست پێکردووە بەشێکی دیکەیان بە ” دە ” کە ئێمە هەموومان دەزانین، لە شاری سلێمانی نەمازە لەو سەردەمەی ” خانەقای میرزا ” لێی دەدوێ، ئاخاوتن بە جۆری تایبەت بووە و ” دە ” وەک پێشگری کردارەکان بەکار نەهێنراوە، ئێستایش دەچینە سەر نموونەکانی برای بەڕێز میرانی لە ڕۆمانەکەدا… :

لاپەڕەی "٢٧" لە دەموودووێکی نەوان مام زامن و ڕەحیمەشەت، ((*
ئاوا کە ئەتۆ دەیڵێی و لە زمانی خۆتەوە دەیانبیستین. * ئەی ماڵە وێران خەم. * کامە ماڵ؟ ماڵەت کوا، نەکا بەم کولانەگورگە بلێی ماڵ؟ ئەمن ئەوەی دەزانم مام زامن، کە ئەتۆش وەک بەندە بە ژن و ماڵ و حاڵی!. * وەک خۆی ئەفەرمووی ڕەحیم موکریانی، بە قەولی کوڕوکاکەی شار، ڕەحیمەشەتیت، تۆ سەهووت فەرمووە، کە لەوەیاندا من لە تۆ ناچم.))، لە دەمودووی یەکەم وشەی " دەیلێی" و " دەیانبیستین" لە دەمــودووی ســێیەم وشەی " دەزانــم"، لە دەمــودووی چوارەمــدا وشەی "ئەفەرمــوویت" ڕەنگە لەم دەمــوودووەدا پاســاوێک هەبێــت کە هەردوو کەسی دەمودوویان لە نەوان هەیە، یەکیان خەڵکی ڕۆژهەڵاتە و ئەوی دی کەسێکی جووی نیشتەنی شارە، تەماشا لە لاپەڕەی"٣٥" میرزا کەریم کە خەڵکی سلێمانییە چەن دەدوێت، ((ئەگەر هەموومان وەک جەنابت بیــری لێ بکەینەوە، ئەوا هەمــوو ڕێگاکــان دەچنەوە کەرکــووک ل٣٥)) ئەمە تەنیا مەبەستمان جارێ فۆنەتیکی " دە " و " ئە " میرزا بە " دەچنەوە " دەئــاخفێ، ئەمەیــش دەرچــوونە لە شێــوەزار، هەر لە دەموودوویەکی ناوخێزانی جەلالی میرزا کەریم ئەم ئاخاوتنەیش دێت ((قــادر گیــان بەقەزابیــت، تۆ ئاگــات لەچییە، کــاک حامیــد فەرەج دەبینیــت؟ل٤٥)). یەک دوو لاپەڕەی دوای ئەوەجەلال دەڵێ " دەیسووتێنم "ل٤٨. حەمەڕەشیدی فەڕاش دوای ئەوەی حەڵواکە لە گیرفانی دەردەنێ دەدوێ و دەڵێ ((هەرچی منداڵێک حەزی لە خوێندنەوە بێت، بەخشیش وەردەگرێت و ئەبێت دەمی بەم حەڵوا خۆشە شیرین بکات ل٥١و٥٢)). لە جێگەیەکی دیکە شێخ مەحموود دەڵێ : ((بریا سی ساڵ پێش ئێستا دوو خانەقــای ئاوامــان لەم شــارەدا دەبــوو ل٨٩)) ..نمــوونە زۆرن و ئەوانەمــان وەک مشتێــک هێنــاوەتەوە، لایەنەکــی دیکەی شێــوەزار بە تەواوی پشتگوێ خراوە.

((ئەمە شێوەزاری کۆمەڵ بە خۆرسکیانە و ڕەسەنایەتی و تازەیی خۆی دەخــوێنینەوە، لە بەرئەوە وای دەبینمەوە بەکارهێنــانی شیــوەزاری ئاخاوتن لە ڕۆمانی عارەبیدا ڕەسەنایەتی پێبەخشیوە، ڕۆمانی عارەبی بەرەو ڕیزی ڕۆمانە جیهانییەکان بردووە)) "٤". ئەمە وەک خوێنەری ئاسایی پێویستیمان بەو ڕەسەنایەتی و زمانە خۆرسکیانە بوو لە دەمووەکاندا تا زیاتر چێژ لە ڕۆمانەکە وەربگرین، پێمانوایە ئەم حاڵەتە ئامادەبوونی دەتوانین بڵێین هەر نەبوو، بەندە تەنها جارێک بەرچاوم کەوت ئەویش کە قادر لە مالیک دەڵوانەت و دەڵێ : ((ئەئ وەتەن مەفتــوونی تەم و شەــوەتم بیــر کەوتەوە. گەر پــاقلاوەم بە نەکەیت. وەک مار ئەیەم پێتەوە ل٨١)). هەر وەبیرهێنانەوەی خوێنەر، (بیر) و (کەوتەوە) وەک خۆی نووسیومە، کە زۆری لەو جۆرە تێدایە و بازمانداوە، ئاخاوتنەکەیش ئەوەیە ڕێک دەقاودەق سلێمانیانە

دواوە، ئەمە دەمانویست تەواوی دەمودووەکان وەک ئێرە بووایە، هەم ڕەنگاڕەیی پێدە بەخشی هەمیش دونیایەکی ئێستاتیکا، ئەم لایەنەی باسمانکردووە بە واتای ئەوە نییە هێڵێکی راست و چەپی بە سەردا بێنین، نەخێر زۆر لەزانانە پیادەیکردووە و تا ئەندازەیەکی زۆریش تێیدا سەرکەوتوو بووە و دەستخۆشانەی لێ دەکەین، وەلێ باشتر بوو نەکەوتایەتە ئەم جۆرە حاڵانە...

هەروەک پێشتر باسمانکرد، ڕۆمان ڕەواجێکی باشی هەیە و لە ڕێگای ڕۆمانەوە کورد دەتوانێت هۆشیار لای تاک بخوڵقێنێت، بە جۆری ئاخاوتنیش بە هەمان شێوەیە نووسەر لە ڕێی ڕۆمانەوە دەڤەرە جیاجیاکانی کوردستان بە جۆر و شێوازی ئاخاوتنیان ئاشنا دەکات، هەرچەندە لە " خانەقای میرزا ئەوە نابینین ئەمە وای دەبینینەوە چۆن زێدەڕەوی لە شێوەزارەکان لە ناو رۆماندا دەبێتە هۆی شێواندنی ڕۆمانەکە بە هەمان شێوە نەبوونی ئاخاوتنی نێوخۆیی دەڤەرەکە دەبێتە یەکێک لە خاڵە لەبیرکراوەکان یان پشگوێخراوەکانی ڕۆمان. ((زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی شێوەزاری دەڤەر سەرلێشێواندن لای خوێنەری ئاسایی دروست دەکات، دەتوانێت، کەچی مانەوەی زمانی ستاندارد لە هەموو ژانرەکاندا دەبێتە مایەی ئەوەی کەسایەتییەکان هەندێک لە متمانەی خۆیان لەدەست بدەن، جا لەبەر ئەو هۆکارە، دەخوازرێت هەردوو جۆرەکە بە شێوازێکی زیرەکانەی هەستیاری وردی زمانەوانی بەکار بهێنێت، لە ڕووی ئاواز و کۆنتێکستەوە توانای بە سەر کۆنترۆڵکردنیدا دەبێت، ئەم جیاکارییە لێهاتوویی نووسەروا لێدەکات زمان بکاتە ئامرازێک بۆ دەربڕینی هونەرییانە نەک تەنها کاری گواستنەوە بێت.))"٥"
ڕەنگە زۆر لە خوێنەران وا بفکرن کە پێویستی بەم درێژدادڕییە یاخود هەڵوەستەکردن لە سەر زمان بەم جۆرە نەدەکرد، تەنها ئەوەی گرینگە نووسەر چی دەگەیەنێت، دەشێ ئەم بیرکردنەوە پەلبکوتێت بە خودی خوێنەری دەکار و تەنانەت خودی نووسەرەکەیش، سەبارەت بە ڕێنووس ئێمەی کورد گەرەکە لە هەموو دەقێکدا ئاوەزانی ڕێنووس بین و ئەم سەرگەردانییەی ڕێنووس بەس بێت، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ خەمخۆریمان بە زمانەکە، ئەمە لە هەموو شرۆڤەیەکمان یەکەم هەنگاو لە زمان و ڕێنووس ورد دەبینەوە ئەگەر وا نەکەین هەر تاکێکمان دوژمنمان زۆر و دەیانەوێت زمانەکەمان نەک تێکبشکێنن وەلێ لە ناویشی ببەن. لەڕێیشەوە ئەوانەی پێیان وایە زێدەڕۆییمانکردووە، تکایە کەمێک هزر و ئاوەزتان بەرەو گوگڵ ببەن یان ژیری دەستکرد و یان ئەو هەزاران کتێبەی لە بارەی زمانەوە نووسراون و دەنووسرێن، ئەوجا لە ماهییەت و بایەخی زمان و نووسینی ئاشنابوون دەگەن و

هەشیاری ورد بە ئاگا دێت و لە دەرگا دەدات.

دووەم : کات و شوێن

أ – کات :

لە ناو خودی هەر تاکێک لە ئێمە دووکات هەیە، کاتێکی ئەو کاتژمێرەیە کە لێدەدات و بەبەهایە نرخێکی ئەوتۆی فسیۆلۆژی بە تاک ناگەیەنێت، کاتەکەی دیکە ئەو ترپە و لێدانەی دڵە کە لە تەمەنی مرۆڤ کەم دەکاتەوە، لەم ڕوانگەوە ئێمە دێین کات بە سەر دوو تەوەری سەرەکی لەم ڕۆمانەدا دابەش دەکەین، کاتی ڕۆمان و کاتی دەرەوەی ڕۆمان، کاتی ڕۆمان دوو بەشە، بەشی یەکەم ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەیە، کاتی دووەمیش کاتی دەرەوەی ڕۆمانەکەیە، ئەم دوو بەشە ئێمە پێیدەڵێین کاتی ناوەوەی ڕۆمانەکە، کاتی دەرەوەی ڕۆمانەکەیش بە سەر چەند بەشێک دا بەش دەبێت، کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە خودی ڕۆمانەکەوە، دەشێ بە هەر دەقێک لێکدانەوەی لەم جۆرە بێتە باسکردن، بەشەکانی دەرەوەی ڕۆمانەکە بریتین لەم ڕێچکانە، : ((تەمەنی جەلالی میرزاکەریم هاوتەریبی تەمەنی ڕۆمانووس، جەلالی میرزا کەریم ” ١٩٣٥ – ١٩٩٣ ” تەمەنی نووسەر” ١٩٧٠ – تائێستا و هیوای تەمەن درێژی و لەشساغی بۆ دەخوازین لە پێناو ژیانی خۆی و خزمەتکردن بە ئەدەبی کوردی” ئەمە لێرەدا تەمەنی ((٢٣)) ساڵ هاوژیانی لەگەڵ پاڵەوانی ڕۆمانەکەدا هەیە و ئەمەیش جێی مشتومڕ و لێکدانەوەیە، لە منداڵی و کامڵبوون و تاوەکوو گەورەبوون، کاتەکەی تر لە نێوان ((١٩٩٣ – ٢٠٢٣)) کاتی چاپکردنی کتێبەکە، ئەگەر پێنج ساڵەکیش بە کنەکردن و گەڕان بە دوای سەرچاوە و ڕووداوەکان دابنرێت، ئەوا ئەم ماوە بە ” ١٩٩٣ – ٢٠١٨ ” کەمدەبێتەوە، ئەم پێنج ساڵەی کەممانکردەوە، دەبێتە بەشی دووەمی کاتی ناوەوەی ڕۆمانەکە، کە بە کاتی نووسین دادەنرێت، کاتێکی دیکەیش هەیە وەک باوە، کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەیە لای خوێنەر ئەوەیش کاتێکی ئازاد و کراوەیە، ئەم کاتانە دەکەونە ناو کاتە فسیۆلۆژییەکەوە، کە جگە لە کاتی خوێندنەوەکە لای خوێنەر ئەوەی دی سوودێکی لە دونیای ڕۆمانەکەدا نەبووە. ((کات دیاردەیەکی وەهمییە، ژیان و بوونەوەر و شتەکان بە هۆی کاری ڕابردووی وەهمەوە دەکاتە کات، کەچی نەبینراو و هەست پێنەکراوە، کات مینا ئۆکسجین لە هەموو ساتێکی ژیانماندا لە گەڵماندا دەژی، لە هەموو شوێنێک کە جووڵەمان تێیدا هەبێت، کەچی ئێمە هەستی پێناکەین و نایبینین، هەروەها ناتوانین بە دەست بیگرین))”٦” لە هەمان کاتیشدا لە تەمەنمان تێدەپەڕێت و بە تێپەڕبوونی کات، لە لەشولارماندا کاریگەرییەکانی کات تێدەپەڕێت هەروەک گوتمان، ئەو ترپەی دڵەیە، ئەوی دیکە دەخزێتە خانەی

وەهمەوە.

دەگەڕێینەوە بۆ ئەو کاتانەی ئاماژەمان پێدا، لای ئەمە کاتێک هەیە ونە و لە خەیاڵدانی خۆمانەوە دروستمانکرد، ئەویش ئەو پێنج ساڵەیە ڕۆماننووس کنە و پشکنینی بەدوای ژیانی نووسەر کردووە، چونکە پێشتر ڕوونمان کردۆتەوە کە ڕۆماننووس هاوتەمەنی جەلالی میرزاکەریم نەبووە، کەواتە دەبێ لە سۆراغ بێت، بۆ...؟ چونکە بە خۆی دەڵێ کە ئەو نووسەرێکی ریالیستییە، لەرەیشدا تەمەنی مرۆڤێکی دیار و بەرچاوی بواری ئەدەبی هاوچەرخی کوردی دەنووسێتەوە، لانی کەم دەبێ ئاشنایەتییەکی لە ڕەوتی ژیانی جەلال هەبێت، کەواتە ئەو پێنج ساڵە ونەی ئەمە لە مناڵدانی ئەندێشەوە هاوێرمانکرد و لە دایک بوو، ئەوە زەمەنە گرینگەکەی نووسین و سۆراغکردنە، ئەو کاتەیش لای ئەمە ونە، ونە بەو چەمکەی دکتۆر عەبدولمەلیک مورتاز دەبێژێت: " کات دیاردەیەکی وەهمییە"، لێرەدا ئەمە بەو پێیەی ڕیالیستیترین لە خودی نووسەر، پەنا نابەینە بەر خەیاڵێک بۆ لێکدانەوەی چۆنییەتی بیرکردنەوە و نووسین و گەڕان بەدوای وردەکارییەکانی ژیان، چونکە ئەوە کاری خودی نووسەرەکەیە، دەتوانێت و ئەو مافەی هەیە پەنا بۆ خەیاڵی خۆی ببات و لەگەڵ واقیعدا ئاوێتەیان بکات و ئێستاتیکایەک بە ڕۆمانەکە ببخشێت کە خوێنەر چێژ و دەستخۆشانە و ئافەرینی بۆ بنێرن. لێرەدا خاڵێکی گرینگ هەیە کە پێویستە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوە بە قووڵی درکی پێبکات ئەوەیش هەرچەندە لەم کاتانەدا خوێنەر دەپێدەر دەڕواتە ناو تەواوی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە وەلە ئەوەی گرینگە جیاوازیش لە نێوان زەمەنی ڕۆمانەکە و ئەو کاتەدا بکات کە تێیدا دەژی.((خوێندنەوە کاتی ڕۆمانەکە – ناوەوە و دەرەوە – پێویستی بە ڕوانگەیەکی هێرمێنۆتیکی هەیە، کە هاوبەش دەبێت لە دووبارە پێکهێنانەوەی تۆڕی پرۆسەکە و دەبێتە مایەی بەرزکردنەوەی کارە ئەدەبییەکە بۆ سەروو قووڵاییە ناڕوونەکانی ژیان و ڕەفتار و تراژیدییەکان، ئەمە پەیگیری کاتێکی وێناکراوی پێشینە دەکەین، بە کاتێک دەگێڕدرێت، وێنەکەی بە هۆی نێوەندگیری کاتی وێناکراو دەگوازێتەوە))"٧". نووسەر لێرە لە دەرەوەی پاڵەوانی ڕۆمانەکە ڕووداوەکان دەبینێت و ناڕوونییەکانی ژیان بۆ خوێنەر جوان دەکات، مەرج نییە تەواوی ڕووداوە و کاتەکان وەک خۆی بۆمان بگوازێتەوە، ئەوە نووسەرە کار لە سەر ئەوە دەکات و گێڕانەوەیەکی پۆزەتیفمان پێدەدات.

((لە نیوەشەوێکی ڕۆژی هەینی مانگی یەکەمی زستانی ساڵی ١٩٣٥دا)) ل،١٣. ئەمە ڕۆژی لە دایکبوونی جەلالی میرزا کریمە، کات

لەرە نادیارە، لە نێوان ((زستانی مانگی یەکەمی ١٩٣٥ و مانگی یەکەمی زستانی ساڵی ١٩٣٥)) ڕستەی یەکەمی ناو ئەو دووکەوانەیە پێمان دەڵێ جەلالی میرزا کەریم لە نیوەشەوێکی ڕۆژی هەینی مانگی یەکی ١٩٣٥ لە دایکبووە، بەڵام ڕستەی دووەم ناڕوونییەکی دروستکردووە، کە نووسەر دووەمیانی بەکارهێناوە، بەم جۆرەی نووسەر بێت گومان لە نێوان مانگی ١ / ١٩٣٥ و مانگی ١٢/١٩٣٥ دروست دەکات، خوێنەری دەکار دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ دوویدا و ساغی بکاتەوە ئاخۆ مانگی یەک یان مانگی دوانزە لە دایکبووە، بە سەر حاڵەتەکی دیکەی نامەئلوف دەکەوێت، تەماشا نووسەر چیمان پێدەڵێت: ((بەڵام مانگەک بوو قوتابخانە کرابووەوە، جەلال هەشتا ئەو گفتەی بە مالەکی ئامەزای دابوونەیشکاندبوو، کە بە ئەو بە قوتابخانە ناچێت. هەروەها کاریگەری مردنی لە ناکاوی جەمالی سێ ساڵان، کە دوو ساڵ لەوان منداڵتر بوو، بە سەریانەوە بوو، هەردووکیان تەواو هەگری بووبوون و وەک هاوڕێیەک لەیان دەڕوانی. ئەو بەیانییە جەلال و مالیک لە خەودا دەبن، نیوەشەو جەمال بە نەخۆشخانە دەبەن و ئیتر ئەوان نایبیننەوە. بەردەوام خەونی پێوەدەبینن و بە درێژایی تەمەنیان لە پێش چاویان ون نابێت ل٤٠))، کات لەرە پێمان دەڵێ جەلال لە پێنج ساڵان چۆتە قوتابخانە، جەمالی سێ ساڵان و دوو ساڵی گەورەیی جەلال و مالیک دەکاتە پێنج ساڵ، باسیش لە تێپەڕبوونی مانگەک بۆ سەر کردنەوەی قوتابخانەدا دەکات، کەچی لە پێ دەڵێ ((ئەو بەیانییە)) ڕێک پێلی خوێنەر ڕادەکێشێت بۆ ئەو ڕۆژەی مانگەک بە سەر تێپەڕبوونی کردنەوەی قوتابخانە دەچێت، ئەمە پێمانوایە هەر ئەو ڕۆژە نەبووە و دەبووایە ڕۆمانووس بە جۆرەکی دیکە باسی مردنی جەمالی بکردایە، وەک ئەوەی بیگووتبا (ئەو شەوەی جەمالیان بە نەخۆشخانە برد ئەو بەیانییە جەلال و مالیک لە خەودا دەبن) یان بە هەرجۆرەک بنووسرابا کە خوێنەر کاتی لەلا روونبایە.

لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو دووبەشەی ڕۆمانەکەی ڕۆمانووس ژمارەی لە سەردەمە جیاوازەکان داوە و وەک لایەنەکی ژیانی نووسەر باسی لێکردووە و ئەمەیشی خۆی لە خۆیدا مینا ئەوەیە پارچە شکاوەکانی شووشەیەک کۆبکرێتەوە و لەکی بداتەوە، ئەوە لە ڕۆمانووسیندا کارەکی لەبار و شیاوە، وەلێ ئەوەی کە یەک ناگرێتەوە لەگەڵ کاتدا ئەوەیە کاتەکەی لە خوێنەر ونکردووە، گەرەکە بە زێدەبین بگەڕێت و لە سۆراغی کاتدا بێت، بە نموونە کاتەک لە ئامریکا لە نەخۆشخانە دەبێت دەمانگەڕێنێتەوە بۆ بەر لە خانەی یەکەم و خودی یەکەمیش لە بەشی (ڕوانینەکانی چاوی شەقام)، تەماشا جەلال چۆن لە کات دەڕوانێت: ((دیمەنی هەندەک کاتی ناوازە بچرکێنم. وەک بەڵێ

هەستم بەوە کردبێت لە داهاتوودا چی ڕوو دەدات(ل٢٠١)). ئەمە ئەو کاتەیە باس لە شکاندنی کامێراکەی دەکات لە لایەن مچەی بابەگەورە و ساڵەی قالە حەلاو، مەبەستەکەمان لەرە کاتە، دەڵێ : ((کاتی ناوازە بچرکێنم))، ئەگەر ئەمە لە مناڵدانی خەیاڵی نووسەریشەوە هاوەڕ بووبێت، ئەوا دەبووا پەیمان بێت، کە کاتی بوونی لە نەخشەخانەکە کەی بووە، یان کاتی دیداری بە سپرنیگ لە باڵەکەدا، هەموو ئەوانە پەیوەستن بە کاتەکی نادیارەوە، کە یەکێکە لە ساتە هەرە گرینگەکانی جەلالی میرزا کەریم چونکە مرۆڤەکی لە قۆناغەکەوە بەرەو قۆناغەکی پێککەتن برد، ئەمە لای خوێنەر گرینگە، کاتێک سپرینگ باسی سەفەرکردنی بۆ ئێراق دەکات، پەی دەڵێت لەوێ شەڕە، کام شەڕە دیار نییە، کاتێک مرۆڤ پێنا دەباتە دەرەوەی ڕۆمانەکە بەی دەردەکەوێت مەبەست شەڕەی ئێراق – ئێران بووە، لە ژیاننامەکەی وا باسدەکرێت کە ساڵەی ١٩٨٢ لە ئامریکا ترومبێل لەیداوە، ئەم ناوونییە لە کاتدا خەی لە خەیدا لاداند لە یەکەیک لە بنەما و کەڵکەکە سەرەکییەکانی خودی ڕۆمان. کاتەکیش باسی دیداری جەلال لە گەڵ " نازک الملائکة " دەکات، دەڵێ ئەو کات نازک تەمەنی ((٣٧)) ساڵان بووە، مرۆڤ کە ئەوداڵەی لەدایکبوونی نازک دەبێت بەی دەردەکەوێت ساڵەی ١٩٦٠ بووە، نازک لە ١٩٢٣ لە دایک بووە لە ڕۆمانەکەیش دەڵێ ٣٧ ساڵ بووە، کەواتە دەکاتە ساڵەی ١٩٦٠، لێرەدا ئاراستەیەک زۆق دەبێتەوە کاتێک شاعیرێک دەقێک دەنووسی خوێنەر عەوداڵەی چەمکی دەقەکە دەکات، کەچی میران ئەمەی بە کات بەکارهێناوە، کە فرە خوێندنەوەی بۆ نییە و کاتەکەیش بە ڕەهایی بەدەستەوە دەردەچێت. ئەوەتا لە پەڕەگرافی سێیەمیش کات لە خوێنەر ئاڵۆز دەکات ئەم پەڕەگرافە لە لاپەڕە ٢٢٤ دەست پێدەکات و لە لاپەڕە ٢٢٩ پەیمان دەڵێ کە مانگی پێنجی ساڵەی ١٩٦٣یە، ئەوەیشی نەگوتبا ڕوداوەکەی گوندی سیارە دەریدەخات ساڵەی ١٩٦٣، ئەمە پەیمانوایە لە ڕۆماندا کات گرنیەک نییە خوێنەر بەدوویدا وێڵ بێت. خاڵەکی دیکەی زۆر گرینگی ئەو سەردەمە ڕۆماننووس خەی لەدوورە پەرێز دەگرێت، نەنووسینی مێژووە لە سەر پشتی وێنەی یاریزانەکانی تیپی خەبات، ئەم بەگە و دیمەنەیش بەوە مێژووەکەی ئاشکرا دەبێت، ئەو دەمەی " فایەقی سەعید " لە مامۆستا یاسین دەپرسێت مەبەست لە چوونەکەیان بۆ ماڵەی میرزا کەریم چییە؟ لە وەڵامدا دەڵێ : ((کاک فایەق، حەلاوەخانی خەزانی میرزا کەریم لە بەغدا کەچی دوایی کردووە .... تاد ل٢٣٨)). بەم قسەیەی مامۆستا یاسین دەزانرێت، کە ساڵەی ١٩٦٣یە، وەلە خۆ هەر دەبوو لە گەڵ نووسینی ناوەکان ڕۆماننووس ئاماژەی بە نووسینی مێژووی وێنەکە بکردایە کە جاران وا باو بوو لە پشت وێنەکە هەر دوای ناوەکان مێژووەکە بنووسرێت، بەڵام پێویستە ئەوە بگوترێت لێرەدا خوێنەر

هەست بە پەیوەستبوونی بە دوای یەکی بەگەکان بکات، هەموو ئەو گۆڕانەوانەیش لە سەردەمی هەشتاکانەوە چەکەرەی کردووە و بەیە لە پەرەگرافی چوارەم دەمانباتەوە بۆ ئامریکا و کاتی دەرچوونی جەلال لە نەخۆشخانە و ساڵی ١٩٨٢.

لە لاپەڕە ٢٨٢ خوێنەر بە جۆرێک سەری لە کات تێک دەچێت بیری بۆ ئەو ڕووداوی ترومبێلەی تووشی جەلال بوو لە هزریدا گینگڵ بخوات، جەلال شکستی رووداوەکەی پێوە دیار نییە، لە کاتێکدا خودی کتێبەکە لە دوای ڕووداوەکەوە کەدراوە کە لە پەرەگرافی (٥) وامان پێدەڵێت دەمانگەڕێنێتەوە بۆ لاپەڕە ” ٢٤١ ” لە پێناو عەوداڵ بوون بەشوێن کاتدا، کاتیش دەچێتە بەهەشتییەوە و بێ ئاگامان ناهێنێتەوە ئەوەندە نەبێت کە دەڵێ : ((ئەو ڕۆژە یادی کوژرانی ڕەحیم موکریانی بوو، کە لە کاتی خوێندنەوەی بەیانی یازدەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ دا، لە نزیک باخی گشتی لە ئۆتۆمبێلێکی سەربازییەوە تەقەیان لێ کردبوو. ل٢٨٢)). لێرەدا زانیمان مانگی سێیە و بە دیاریکراویش ڕۆژی خوێندنەوەی ڕێکەوتنامەکەی ئازار بوو، وەلێ ساڵ نادیارە ئاخۆ ١٩٨٢ یان دوای ئەوە بە چەند ساڵێکە.

نووسەر ئازادە لە دەسپێکی ڕۆمانەکەی لە کوێوە دەست پێدەکات و لە کام سەردەمەوە تێهەڵدەچێت و مەرج نییە ڕووداوەکان بە زنجیرەیی باس بکات هەندێجار ڕۆمانووس لە پارادۆکسەکانی کات لێزانانە کاری کردووە، سەرنجی خوێنەری لە تەواوی ڕۆمانەکە گۆڕیوە لە سەرنج خستنە سەر کاتەوە بۆ سەرنج خستنە سەر ئەو ڕووداوانەی لە ” خانەقای میرزا ” هەن، بۆیە کاتێک دەبینین خوێنەر لەرەولەوە بەگوێدانە لایەنە هونەری و وردەکارییەکانی گرێچنەی ڕۆمانەکە، هەست بە تاموچێژێکی شیرین دەکەن و دەماودەم دەچێت، ڕۆمانووس زیرەکانە بیرکردنەوەکانی لە کاتەوە گۆڕیوە بۆ ڕووداو، ئاقلانە تەمومژێکی خوڵقاندووە ئەوەیش لە ڕێگای پەیوەستبوون بە ئەو چوارچێوە کاتەی لە ڕۆمانەکە دیاری کردووە و ئیدی وای لە خوێنەرکردووە نەفکرێتە سەر ئەوەی فەلانە ڕووداو لە کام ڕۆژ و مانگ وساڵ ڕوویداوە، ئەگەر دیقەتێکی سەرکەوتووترین ڕۆمان بدەین لە بارەی کاتەوە ((یۆلیسیسی)) جیمس جۆیسە، کە تەواوی ڕووداوەکانی لە ٢٤ کاتژمێردایە، لە دوای هۆمیرۆس بە شاکار دادەنرێت، لەم ڕۆمانەدا جیمس باس لە ساتەکان دەکات بە کاتژمێر، ئەمەیش لێرەدا عەوداڵی ساڵین. ((بە پاراستنی هێڵی کاتەوە پەیوەست نییە، کات تێکدەشکێنێت و گۆڕانەوە لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە هەڵیبژاردووە، لە ڕووی کاتەوە دەتوانێت بگەڕێتە دواوە، پاشان گۆڕانەوکە بە ئاراستەی یەکەم تەواو بکات))”٨” کەواتە لەم ڕوانگەوە ” میران ” کارێکی بە سەلیقەی کردووە و زیرەکانی زهنی خوێنەری تێکشکاندووە لە تەشک

خستنە سەر کاتەوە بە تەواوی خودی رووداوەکان کە لە نێوان ساڵانی (١٩٣٥ – ١٩٩٣) ڕوویانداوە.

سەردار ڕەزا جاف

شاعیر و ڕەخنەگر. ئەڵمانیا

سەرچاوەکان

١ – ڕۆمانی " خانەقای میرزا " نووسینی " میران ئەبراهام " لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی بڵاوکردنەوەی کەپر، ساڵی ٢٠٢٣.

٣ – أستخدام اللهجات المحلية في الرواية العربية المعاصرة، موقع نبض العرب، الثقافة والتراث العربي/ وائل عصام صيام – ١٧/٤/٢٠٢٥

٤ – الرواية واستخدام اللهجات العامية عمر أبو الهيجاء...... جريدة الوطن ، ٢٨/٥/٢٠١٨

٥ – هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦ – في نظرية الرواية – بحث في تقنيات السرد – تأليف د. عبدالملك مرتاض، ديسمبر ١٩٩٨.

٧ – ماهية الزمن في الرواية… رؤية في ضوء قضايا الإنسان، مصطفى عطية جمعة، ٨ / ٥ / ٢٠٢٤

٨ – تقنيات الزمن الروائي دراسة في المفارقات الزمنية والإيقاع الزمني، د، أمين خروبي، المركز الجامعي بأفلو- الجزائر.